# تاوانی کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجە لە نێوان ڕێکارەکانی بە جینۆساید ناساندن و بەربەستەکانیدا

**پ.ی.د. هونەر امین حسن**
زانکۆی چەرمەوو، کۆلێژی کار، بەشی کارگێڕی کار
سەنتەری توێژینەوەی زانکۆی چەرموو بۆ تاوانەکانی ئەنفال و جینۆساید
Hunar.ameen@chu.edu.iq

ڕێکەوتی وەرگرتن : ٢٠-٤-٢٠٢٤ ڕێکەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە ٢٠-٥-٢٠٢٤

**پوختەی توێژینەوە**

گەلێك تاوانی جیاواز لە لایەن دەوڵەتەکانەوە بەرانبەر بە یەکتر لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوودا ڕوویانداوە و بەشێکیان بەهۆی ترسناکی تاوانەکانەوە ،وەك تاوانی نێودەوڵەتی ناسێندراون و دادگا نێودەوڵەتییەکان بە ئەرکە جیهانیەکەی خۆیان هەڵساون و لایەنی تاوانبار لێپێچینەوەی یاسایی لەگەڵدا کراوە، مافەکانی لایەنی قوربانیش وەرگیراوەتەوە، بەڵام لەم نێوەندەشدا زۆرن ئەو نەتەوانەی بەر جۆرێك لە تاوانە نێودەوڵەتییەکان کەوتوون و تا ئاستی نزیك بوونەوەیان لە لەناوچوون زیانی پێگەیاندوون، بەڵام ئەفسوس کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە هەموو دەسەڵاتە دادوەری و ئاسایشیەکانییەوە لەبەرانبەر ئەو تاوانەدا بێهەڵوێست و بێکردارە، لە نێو ئەو نەتەوانەدا کورد نمونەیەکی دیاری ئەونەتەوە قوربانیانەیە، کە چەندین تاوانی ترسناکی نێودەوڵەتی بەرانبەر ئەنجامدراوە، بەڵام هیچ هەنگاوێکی یاسایی لە چوارچێوەی بنەڕەتنامەی دادگا نێودەوڵەتییەکاندا بۆ ناگیرێتەبەر، لە دیارتریین ئەو تاوانانەش کە بەرانبەر بە کورد ئەنجامدراوە تاوانی کیمیایی بارانکردنی شاری هەڵەبجەیە لە ساڵی ١٩٨٨ دا لە سەردەمی جەنگی نێوان عێراق و ئێراندا، لەبەر ئەوە ئەمانەوێت لە ڕێگای ئەم توێژینەوەیەوە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لەسەر ئەم تاوانە ئەنجام بدەین. کە گرفتی دیاری ئەم توێژینەوەیەش ئەوەیە دیاری بکات تاوانی کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجە کام جۆری تاوانی نێودەوڵەتییە؟ ئەگەر تاوانی جینۆسایدە ڕێکارەکانی بە جینۆساید ناساندنی کامانەن؟ ئەو بەربەستانەش کە لەبەردەم بە نێودەوڵەتیکردنیدایە کامانەن؟ بۆ گەشتن بەو ڕاستیانەش توێژەر گریمانەی ئەوە ئەکات کە بەنەمانی ئەو بەربەستانەو گرتنە بەری ئەو ڕێکارانەی کە پێویستە ئەوا ئەو تاوانە وەک تاوانی نێودەوڵەتی جینۆساید ئەناسێندرێت.

**کلیلە ووشەکان :جینۆساید، هەڵەبجە، تاوانی نێودەوڵەتی، دادگای تاوانی نێودوڵەتی، ئەنجومەنی ئاسایش.**

**پێشەکی**

لەگەڵ دروستبوونی مرۆڤدا هەر لە سەرەتاوە تاوانیش سەریهەڵداوە و لە شێوازی جۆربەجۆردا ئەنجامدراوە، لە بەرانبەریشدا یاساکان چی یاسای ئاسمانی بێت یان یاسای دانراو سزایان بۆ هەرکارێك داناوە کە بە تاوان دانراوە، بەواتایەکی تر دەتوانین بڵێین هەرکارێك بە پێی یاسا بە تاوان دانرابێت لە بەرانبەردا سزاکەشی دیاریکراوە و بە پێچەوانەشەوە هەرراستە واتە لە بنەرەتدا هەمووکارەکان دروستن تا ئەوکاتەی بە پێی یاسا بە تاوان دادەنرێت . بۆیە لە ئێستادا زۆر دەگمەنە کە کارێك هەبێت ئێمە بە تاوانی بزانین و لە چوارچێوەی دەقێکی یاساییدا، بە تاوان دانەنرابێت و سزاکەشی دیارینەکرابێت. لە ئێستادا تاوانەکان دەکرێت نێودەوڵەتی بن، یان ناو خۆیی بن، تاوانی جینۆساید یەکێکە لەو تاوانانەی، کە مێژوویەکی دێرینی هەیە وەکو تاوان، بەڵام ناونانی تاوانەکە بەو ناوەوە دەگەرێتەوە بۆ ناوەڕاستەکانی سەدەی بیست، کە ئەمەش لە ڕوانگەی ناونانی تاوانەکەوە بۆ مێژووی ئەو تاوانە ناوێکی تازەیە بۆ تاوانێکی کۆن، کە لە چەندین شێوەی جۆراوجۆردا دژ بەمرۆڤ و کۆمەڵگا و نەتەوە جیاوازەکان لە سەر ڕووی زەوی ئەنجامدراوە، لەم ڕوانگەیەوە بەرو پێشچوونەکانی مرۆڤ لە هەموو لایەنەکانی ژیانەوە بەتایبەتی لە بواری جەنگدا، ڕاستەو خۆ کاریگەری هەبووە، لەسەر گۆڕانکاری لە جۆری تاوانەکان و ژمارەی قوربانییەکان و ئەو لێکەوتە خراپانەی کە لە بواری ئابوری و ژیانی کۆمەڵایەتیدا درووستی کردووە، بەمەش کۆنترۆڵکردنی هەموو ئەو تاوانانە لە چوارچێوەی یاسادا کارێکی زۆر ئاسان نییە، ئەمەش کێشەی بۆ دەوڵەتەکان و ناوەندەکانی دەرکردنی یاسا درووستکردووە.

تاوانی جینۆساید بەپێی یاسای نێودەوڵەتی، وەك تاوانێکی سەربەخۆ چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ دانراوە، بەهۆی ترسناکی تاوانەکە لەسەر وڵاتان و مرۆڤایەتی، ئەمەش وایکردووە بەردەوام وڵاتان بیر لە ڕێگاکانی بەگژدا چوونەوەی تاوانی جینۆساید بکەنەوە، چونکە ئەم تاوانە سنووری بۆ نیە و لە هەر شوێنێکدا ڕوودەدات، دەبێتە هۆی لە ناوبردنی بەشێکی مرۆڤایەتی و تێکدانی ژیانی سرووشتی و زیانێکی قەرەبوو نەبۆوە دروست دەکات. ئەم تاوانە لەم ساڵانەی دواییدا بۆتە بابەتێك، نەك تەنها لە دادگا نێودەوڵەتیەکاندا و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و لەنێوان وڵاتەکاندا قسەی لەسەر دەکرێت، بەڵکو بۆتە پرسی دادگا نیشتیمانییەکانیش لەوانە: دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، کە لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس ساڵی ٢٠٠٣ ئەم دادگایە، بۆ دادگاییکردنی ئەو کەسانەی کە لە دەسەڵاتدا بوون و تاوانیان دژی گەلانی عێراق ئەنجامدابوو پێکهیندرا، لەناو ئەو تاوانەنشدا تاوانە نێودەوڵەتیەکان و بەتایبەت تاوانی جینۆساید، لەناو بنەماکانی پێکهێنانی ئەم دادگایەدا جێگیر کرابوو.

**کێشەکانی توێژینەوەکە**: زۆرن ئەو تاوانانەی بەرانبەر نەتەوەی کورد لە سەردەمە جیاوازەکاندا ئەنجامدراون، بەڵام بەبێ وەڵامێکی درووستی یاسایی ماونەتەوە و ڕوونەکراوەتەوە، کە ئەمانە کام جۆرەن لە تاوانی نێودەوڵەتی و لایەنە بەرپرسەکانی تاوانەکە بە پێی یاسای نێودەوڵەتی کاری لەگەڵدا نەکراوە، لە نێو ئەو تاوانانەدا تاوانی کیمایی بارانکردنی شاری هەڵەبجەیە، کە ئایا ئەو تاوانەی لە رێکەوتی ١٦/ ئازار/ ١٩٨٨بەرانبەر بە شاری هەڵەبجە کراوە، چ جۆرە تاوانێکە؟ ئەگەر تاوانێکی نێودەوڵەتییە چۆن بتوانین ڕێکارەکانی بە نێودەوڵەتیکردنی بگرینە بەر؟ چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی بەربەستەکان لە کاتی بەنێودەوڵەتی کردنیدا کامانەن ؟ کە تا ئێستا ئەم تاوانە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی نەبۆتە

بابەتێکی گرنگی دادگا نێدەوڵەتییەکان، لە سەر ئاستی باڵای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە نێوان وولاتەکادا گفتوگۆی لەبارەوە نەکراوە، بەتایبەتی لەسەر ئاستی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، کە ڕۆڵکی گرنگیان هەیە لەئاڕاستەکردنی بۆ چوونی دەوڵەتەکان لە بەرانبەر کەیسە نێو دەوڵەتییەکاندا بە تایبەتی ئەو تاوانانەی، کە کاریگەریان هەیە لە سەر ئاشتی و ئاسایشی مرۆڤایەتی بە گشتی، لەبەر ئەوە کار کردن لە سەر ئاستی ناو خۆ و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆ کورد و توێژەرانی زانستی بە تایبەتی پێویستە، وەك پرسێکی سەرەکی بێت بۆ وەڵامدانەوەی هەموو ئەو کێشانەی سەبارەت بەئەنجامدانی تاوانی جینۆساید لەشاری هەڵەبجەدا بوونیان هەیە، لەبەر ئەوە توێژەر هەوڵئەدات، لەم توێژینەوەیەدا ئەو کێشانەی بۆ کورد لەم تاوانەدا هەیە، لە ڕوانگەی یاساییەوە شیبکاتەوە.

**گریمانەی توێژینەوەکە**: لەم توێژینەوەیەدا، توێژەر گریمانەی ئەوە ئەکات ئەگەر ئەو بەربەستانەی لەبەردەم بە نێودەوڵەتیکردنی تاوانی بارانکردنی کیمیایی هەڵەبجەدا هەیە نەمێنێت، بە پێی ئەو ڕێکارانەی ئەخرێتە ڕوو ئەوا ئەو تاوانە وەك تاوانی نێودەوڵەتی جینۆساید ئەناسرێت و سەرجەم لێکەوتە یاساییەکانی بۆ ئەو شارە و نەتەوەی کورد لە ژێر چاودێری دەسەڵاتی باڵای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا جێبەجیدەکرێت، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر ئەو بەربەستانە بەردەوامبێت ئەوا بەو جۆرەی کە ئێستا کاری لەسەر دەکرێت ئەمێنێتەوە و مافە یاساییەکانی کەس و کاری قوربانیان و شارەکە و کوردیش وەك نەتەوەی خاوەن شارەکە بۆ ئەو شارە دەستەبەر نابێت.

**گرنگی توێژینەوەکە**: لە ڕوانگەی بەرپرسیارییەتیمان بەرانبەر بەم تاوانە، بەرانبەر بە گەلەکەمان دەبێت کاریگەرییەکانی ئەم جۆرە تاوانە روونبکەینەوە لە هەموو ڕەهەندەکانەوە، پێویستە بزانین ئەگەرچی تاوانی جینۆساید لەهەر ناوچەیەکدا بێت، زیانێکی وا دروستدەکات کە هەرگیز قەرەبوو ناکرێتەوە، بەڵام بۆ دووبارە نەبوونەوە و بەسزا گەیاندنی تاوانبارانی ئەو تاوانە و گێڕانەوەی مافە یاساییەکانی کۆمەڵی تاوان لێکراو، ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکمانە کە هەوڵەکانمان لەو پێناوەدا بخەینە کار و هەموو ئەو بەربەستانە ببڕین کە بوونەتە ڕێگر لەوپێناوەدا، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین بە پێی پێوەرە زانستیەکان ئەوە بسەلمێنین کە تاوانێکی نێودەوڵەتی ترسناکە و بەجۆرێک ئەو تاوانەی کە بەرانبەر بە شاری هەڵەبجە کراوە، توێژەریش ناتوانێت دەربازی ببێت لەو ئازارانەی کە لەرووی دەرونیەوە ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

**ئامانجی توێژینەوەکە**: لەم لێکۆلینەوەیەدا ئامانجمانە تاوانی کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجە لەڕووی یاساییەوە شی بکەینەوە و وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە، کە دەکرێت سەبارەت بە جۆری ئەو تاوانەی بەرانبەر بە شاری هەڵەبجە ئەنجامدراوە و، تێڕوانینی دادگا نێودەوڵەتییەکان بۆ ئەو تاوانە، ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و کاریگەرییان لە سەر ئەو جۆرە تاوانانە و، بەتایبەتی بۆ تاوانی کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجە، وەك ناوچەیەکی کوردی خاوەن نەتەوەیەکی بێدەوڵەت، هەر لەڕێی ئەم توێژینەوەیەوە توێژەر ئامانجیەتی هەموو ئەو بەربەستانە دیاریبکات کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم بە نێودەوڵەتیکردنی ئەم تاوانەدا وە ڕێکارەکانی تێکشکاندنی ئەو بەربەستانە لە روانگەی یاسای نێو دەوڵەتییەوە بخاتە ڕوو.



*JSH* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**ڕێبازی توێژیەنەوەکە**: لەم توێژینەوەیەدا، بە شیوەیەکی گشتی باس لە تاوان و تاوانی جینۆساید کراوە و، هەوڵمانداوە ئەو ڕێکارانە بخەینە ڕوو کە پێویستە بۆ بەنێودەوڵەتیکردنی ئەم تاوانەو لە هەمان کاتدا، ئەو بەربەستانەش دیاریبکەین کە بوونەتە ڕێگر لەبەردەم بە نێودەوڵەتیکردنی ئەم تاوانەدا، بەڵام بۆ ئەوەی لەڕوانگەی زانستییەوە بتوانیین ئامانجەکانی توێژینەوەکە بەدیبهێنین هەوڵمانداوە، لە ڕێگەی ڕێبازی شیکاری یاسایی و ڕێبازی مێژوویی توێژینەوەکە ئەنجام بدەین، تا بتوانیین بە شیکرنەوە بۆ یاسا نێودەوڵەتییەکان بگەینە ئامانجی توێژینەوەکە، کە ئەمە لایەنی یاسایی توێژینەوەکە لە خۆی ئەگرێت، وەلەگەڵ ئەوەشدا بە گەرانەوە بۆ مێژووی ئەنجامدانی تاوان ناتوانین لایەنی مێژوویی تاوانەکانیش لەبەر چاو نەگرین، تا بگەینە ڕاستی بابەتەکان و بە شێوازێکی درووست تر بتوانین لە ناوەڕۆك و دەرئەنجام و پێشنیارەکانی توێژینەوەکە تێبگەین.

**هەیکەلی توێژینەوەکە**: بۆ ئەوەی بتوانیین بە شێوەیەکی زانستی و ئاسان لە بابەتەکە تێبگەین، توێژینەوەکەمان بۆ دوو بەشی سەرەکی دابەشکردووە لەبەشی یەکەمدا لەسەر تاوانی نێودەوڵەتی جینۆساید و پرسی بەرپرسیارییەتی ئەدوێین و دابەشمانکردووە بۆ دوو باس لە باسی یەکەمدا، تاوانی نێودەوڵەتی و جینۆساید شیدەکەینەوە و لە باسی دووەمدا بۆ ئەوەی تاوانێك، وەك جینۆساید بە نێودەوڵەتی بناسێنین شیدەکەینەوە، لەبەشی دووەمدا لەسەر تاوانی نێودەوڵەتی جینۆسایدو شاری هەڵەبجە ئەدوێین و دابەشمانکردووە بۆ دوو باسی سەرەکی لە باسی یەکەمدا لە ڕێکارەکانی بە نێودەوڵەتیکردنی تاوانی کیمایی بارانکردی هەڵەبجە دەکۆڵینەوە و لە باسی دووەمدا، لە بەربەستەکانی بەردەم بە نێودەوڵەتیکردنی تاوانی کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجە دەکۆڵینەوە لەگەڵ دەر ئەنجام و پێشنیارەکان و سەرچاوە زانستیەکانی، کە بەکار هاتوون لە توێژینەوەکەدا دەخاتە روو.

### بەشی یەکەم: تاوانە نێودەوڵەتییەکان و پرسی بەرپرسیارییەتیان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی

#### باسی یەکەم: تاوانی نێودەوڵەتی و جینۆساید

بەگەڕانەوە بۆ ڕابردوو لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو ڕوودواە میژووییانەی، کە دەتواندرێت لەوانەوە ئاماژە بە تاوانە نێودەوڵەتییەکان بدرێت بەوەی کە ئەمجۆرە تاوانە زیان بە بەرژەوەندییە نێو دەوڵەتیەکان دەگەیەنێت، ئەو یاسایەی کە ئەو تاوانە دەچێتە چوارچێوەیەوە یاسای تاوانی نێو دەوڵەتییەکە دادەنرێت، بە لقێك لە یاسای نێودەوڵەتی گشتی، لەم کاتەشدا پێویستە بڕوانین بۆ سەرەتای درووستبوونی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، کە یاسای نێودەوڵەتی حوکمی کردبێت. لەو کاتەدا دەکرێت ئەو تاوانە وەک تاوانێکی نێودەوڵەتی هەژمار بکرێت یاخود نا، چونکە کۆمەڵگە دێرینەکان دووربوون لە درووستکردنی پەیوەندی نێودەوڵەتی و لەکاتی نەبوونی ئەو جۆرە پەیوەندیەشدا تاوانی نێودەوڵەتیش بوونی نەبووە. کە لەبنەرەتدا دانانی یاسای تاوان بۆ پاریزگاریکردنە، لەو بەرژەوەندیانەی کە یاسا بە پێویستیان دەزانێت بە جۆرێك کە دەستدرێژیکردنە سەریان دەرچونە لەیاساو پێویستە سزای ئەنجامدەری تاوانەکە بدرێت. واتە: تاوان چی تاوانێکی نێودەوڵەتی بێت، یان تاوانێکی نێوخۆیی بێت بریتییە لە دەست درێژیکردنە سەر بەرژەوەندییەك کە یاسا پارێزگاری لێدەکات، جا ئەگەر تاوانەکە لە بواری تاوانی نێوخۆیی بوو ئەوا یاسای تاوانی ناوخۆیی پارێزگاری لە



***JSH*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

بەرژەوەندی تاك و دەوڵەتیش دەکات وە ئەگەر تاوانەکە دەست درێژی بوو بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی ئەوا یاسای تاوانی نێودەوڵەتی پارێزگاری لەو بەرژەوەندیانە دەکات. ( ئاڤانیسیان ، ٢٠١٠ ، ل ٥٦) لێرەوە ئەگەینە ئەو زانیارییەی کە هەمووکاریکی نامەشروع کە بە تاوانی نێودەوڵەتی دابندرێت سزای تاوانبار جێبەجێدەکرێت، بە ناوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە. تێدەگەین لەوەی کە تاوانی نێودەوڵەتی دەستدرێژیە بۆ سەر بنەماکانی یاسای گشتی نێودەوڵەتی، یان دەستدرێژیە بۆسەر بەرژەوەندی نێو دەوڵەتی، کە بەپێی یاسای تاوانی نێودەوڵەتی پارێزگاری لێکراوە . بەڵام لێرەدا گرنگە جیاوازی بکەین لە نێوان زۆرێك لەو کردارو هەڵسوکەوتی نێو دەوڵەتی نامەشروع، وەك پابەند نەبوونی دەوڵەتێک بە هەر رێکەوتنێکی ئابووری کە هەیەتی لەگەڵ وڵاتێکی تردا، لە وکاتەدا کاریگەری ئەو هەڵسوکەوتە، تەنها دەکەوێتە سەر پەیوەندییە ئابورییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتەی کە ڕێکەوتنامەکەیان هەیە.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە یەکێك لە ترسناکترین تاوانە نێودەوڵەتیەکان، بریتییە لە: تاوانی جینۆساید کە یەکێکە لەو تاوانانەی بە پێی یاسا دە چێتە چوارچێوەی تاوانە نێودەوڵەتییەکانەوە، بە هۆی ترسناکی تاوانەکە لە سەر کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی و لەناوبردنی بنەچە یان وەچە لە ژێر سیفاتی نەتەوەیی، ئاینی، ڕەگەزی و نەژادی. لەو پێناوەدا لە سەدەی بیستەمدا مرۆڤایەتی بریاریدا، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم تاوانە یاسایەك دابڕێژێت و بە پێی ئەو یاسایە ڕێگە بگیرێت لە لەناوبرنی مرۆڤ لە ژێر ئەو سیفاتانەی سەرەوەدا، بەشداری گەورەش لە ناونانی ئەم تاوانە، بە و ناوەوە دەگەرێتەوە بۆ ( رافائیل لیمکین ) ی زانای پۆڵەندی بە ئەسڵ جولەکە کە داواکارێکی گشتی ئەمریکی بوو لە دادگای نۆرنبێرگ، لە ساڵی ١٩٤٤ دا ئەم تاوانەی ناونا تاوانی جینۆساید، کە بە واتای وەچە کوژی یان ڕەگەز کوژی دێت لە زمانی کوردیدا ( ئاوارە حسێن، ٢٠١٤، ل٩ ). لە ٩/١٢/ ١٩٤٨ دا ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بریاری ٢٦٠ ی دەرکرد بۆ قەبوڵکردنی پەیماننامەی بەربەندکردنی تاوانی جینۆسایدو سزا خستنە سەر ئەنجامدەرانی، کە تێیدا جینۆساید پێناسە کرابوو، وەك تاوانێك کە سەرپێچی بنەماکانی یاسای نێو دەوڵەتییەو دژە لەگەڵ گیان و ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دا، لە ساڵی ١٩٥١ دا، ئەم ڕێکەوتنە چووە بواری جێبەجێکردنەوە، لەبەر ئەوە حاڵەتی عورفی نێو دەوڵەتی هەیە و دادەنرێت بە پابەند بۆ هەموو حکومەتەکان ( عمر گوڵ، ٢٠١٠، ل٢٢ ). ئەم تاوانە بە پێیی تێپەڕبوونی کات بەسەر ناچێت و ژمارەیەك لە دەوڵەتان لە دوای چوونە بواری جێبەجێکردنی پەیماننامەکەوە، واژۆی پەیماننامەکەیان کردووە و پابەندبوونی خۆیان پێوەی ڕاگەیاندووە، لەم نێوەندەدا دەوڵەتی عێراق لە ٢٠ی کانونی یەکەمی ١٩٥٩ واژۆی پەیماننامەکەی کردووە و پابەند بوونی خۆی بە پەیماننامەکەوە ڕاگەیاندووە، بەڵام لە ڕاستیدا دەوڵەتی عێراق یەکێك بووە لەو دەوڵەتانەی کە لە ڕووی کردارییەوە پابەند نەبووە، بە بنەماکانی پەیماننامەی ڕێگە گرتن لە تاوانی جینۆساید و سزادانی ئەنجامدەرانی و بەپێچەوانەوە چەندین تاوانی ترسناکی نێودەوڵەتی لە دوای ئەو ڕێکەوتەوە بەرانبەر بەنەتەوەی کورد ئەنجامدرا لەوانە تاوانی کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٨٨.



***JSH*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**باسی دووەم: تاوانی جینۆساید و پرسی بەرپرسیاریەتی**

زۆرن جۆری ئەو تاوانانەی، کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ڕوودەدەن و لێکەوتەی بۆسەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبێت، بەڵام بۆ ئەوەی بتواندرێت جۆری ئەو تاوانانە دیاریبکرێت و لە چوارچێوەیەکی یاساییدا، کاری لەگەڵدا بکرێت، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەوڵیداوە، بەشێك لەو تاوانانە بەپێی یاسا بناسێنێت و تاوانەکان لەیەکتری جیابکرێتەوە، لە دیارترینی ئەو تاوانە نێودەوڵەتییانەش تاوانی جینۆسایدە، بۆ ئەوەی تاوانێك بە جینۆساید دابنرێت بە پێی پەیماننامەی بەربەندکردنی تاوانی جینۆساید و سزاخستنە سەر تاوانکارانی کە لە ٩ / کانونی دووەمی / ١٩٤٨ دەرچووە، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ چەند خاڵێکی گرنگ یان چەند جیاکەرەوەیەك کە پێویستە لەو تاوانەدا دەستەبەربێت:

١. تاوانلێکراو: لەم تاوانەدا پێویستە ئەو لایەنانەی، یان ئەو گروپانەی کە دەکەونە بەر ئەو تاوانە، سەر بە یەکێك لەم گروپانەبن، گروپێکی نەتەوەیی، ڕەگەزی، نەژادی یان ئاینی .

٢. ئەنجامدانی یەکێك لەم کارانەی خوارەوە دژی هەریەکێك لەو گروپانەی سەرەوە:

١. کوشتنی ئەندامانی ئەو گروپە .

٢. زیان گەیاندن بە جەستەو شێواندنی بیری ئەندامانی ئەو گروپە .

٣. بە ئەنقەست دانانی ئەو گروپانە لەژێر بارودۆخێکی سەختدا کە ببێتە هۆی لە ناوبردنی هەموو یان بەشێکیان.

٤. تەگەرەخستنە بەردەم زیادبوونی ئەندامانی ئەو گروپە، بەهەر ڕێگایەك لە ڕێگاکانی منداڵ بوون (حسن، ٢٠٢٣، ل١٠٣).

٥. بەزۆر ڕاگواستنی منداڵ لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی تر .

٣. مەبەست: مەبەستی لە ناوبردنی سەرجەم یان بەشێکی هەریەکێك لە گروپەکانی نەتەوەیی، رەگەزی، نەژادی و ئاینی خەسڵەتێکی تایبەتی بە تاوانی جینۆساید دەبەخشێت و جیایدەکاتەوە لە تاوانەکانی تر، شیکردنەوە و ئاشکراکردنی ئەم مەبەستەش کارێکە بەتەواوی یاساییەو دەکەوێتە سەر تواناو زیرەکی لێکۆلینەوە لەو تاوانە، لە هەموو رووەکانەوە، چونکە لە زۆربەی تاوانەکاندا و بەتایبەتی لەتاوانی جینۆسایدا، کارێکی ئاسان نییە و پێوەریکی دیاریکراو نییە بۆ دیاریکردنی مەبەستی تاوانی جینۆساید. ( عمر گوڵ، ٢٠١٠، ل٢٥ )

٤. تاوانبار: لە ڕوانگە یاساییەکەیەوە بۆ ئەوەی ئەو کەسەی کە هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید، بەرپرسیارییەتی یاسایی بکەوێتە سەر دەبێت لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا، تەمەنی هەژدە ساڵی تەواو کردبێت . (ڤەرتانیان، ٢٠٠٠، ل٢٠ ). لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئەوە ڕوونبکەمەوە کە ئەنجامدەری تاوانی جینۆساید دەکرێت، تەنها کەسی ئاسایی بێت، بەڵام بەرپرسیارییەتی لەسەر دەوڵەت دیاریدەکرێت، چونکە دەبێت دەوڵەت پلانی پێویست بگرێتە بەر بۆ ڕێگەگرتن و پاراستن لە ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید، لەم بارەوە پێویستە بە تایبەت گرنگی بدرێت بە یاسای تاوانی ناوخۆیی دەوڵەتەکان دەربارەی پرسی بەر پرسیارییەتی لە ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید، بە جۆرێك ئەگەر چی پەیماننامەی ساڵی ١٩٤٨ بۆ بەربەندکردنی جینۆساید جێگای ڕەخنەی زۆرە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دانانەوەی وەك خۆی لە یاسای تاوانی ناوخۆییدا، دەبێتە هۆی زامنکردنی لێکچواندنی بنەماکانی یاسای تاوانی نێودەوڵەتی و بنەماکانی یاسای تاوانی ناوخۆیی دەربارەی تاوانی جینۆساید .

**باسی سێ یەم: ڕێکارەکانی بە نێودەوڵەتیکردنی تاوانی جینۆساید**

تاوانی جینۆساید ئەگەر چی تاوانێکی نێودەوڵەتییەو یاسایەکی تایبەت بە خۆی هەیە، لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی، بەڵام دەبێت ئەوش بزانین کە ئەم تاوانە دەبێت لەسەر ئاستی ناوخۆش بە جینۆساید بناسێنرێت، بۆ ئەوەی لە سەر ئاستی ناوخۆش ئەو حکومەتە پابەند بکرێت بە قەرەبووکردنەوەی ئەو گروپەی کە تاوانەکەی بەرانبەر کراوە، لە لایەکی تریشەوە ئەو بەفەرمی ناسینە ببێتە هۆی پاڵنەرێکی باش لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆ بەفەرمی ناسینی .

بۆیە ئێمە پێویستە سەرەتا ڕێکارەکانی بەفەرمی ناسینی تاوانی جینۆساید لە سەر ئاستی ناوخۆ شیبکەینەوە :

**لەسەر ئاستی ناوخۆ:** بۆ ئەوەی ئەم تاوانە لە سەر ئاستی ناوخۆ بەفەرمی بناسێندرێت، ئەوا دەبێت ئەو وڵاتەی کە تاوانەکەی ئەنجامداوە تاوانەکە بەجینۆساید بناسێنێت، یان بەواتایەکی تر ڕێکارە یاساییەکان لەسەر ئاستی ناوخۆ بۆ بە جینۆساید ناساندنی ئەو تاوانە، وەك تاوانی جینۆساید تەواوبکرێت. کە ڕێکارەکانیش خۆیان دەبیننەوە لە کاری سەرجەم لایەنە فەرمییەکانی حکومەت و ڕێکخراوەکانی کومەڵی مەدەنی و هاوڵاتیان بەگشتی کە ببێتە هۆی دروستبوونی هەستێکی نەتەوایەتی بەهێز و مانەوە، لە بیری نەوەکانی داهاتووش بۆ داکۆکی لە مافەکانی نەتەوەکەیان لە هەر قۆناغێکدا بێت و پاراستنی هەموو بەڵگەکانی ئەنجامدانی ئەو تاوانە کە پێویستە بۆ سەلماندنی لە بەرانبەر دادگادا، چونکە تاوانی جینۆساید بە تێپەڕبوونی کات بەسەر ناچێت و مافی گروپی تاوانلێکراوە، هەرچەندێك بەسەر ئەو تاوانەدا تێپەڕ بووبێت داوای بەفەرمی ناسینی تاوانەکە، وەك تاوانی جینۆساید و قەرەبووکردنەوەی سەرجەم مافە یاساییەکانیان بکەنەوە. ( لیۆنیددۆڤیچ، ٢٠١٥، ل١٩ ). کە لەسەر ئاستی ناوخۆ بۆ کەیسی جینۆسایدی هەڵەبجە زۆربەی ڕێکارە یاساییەکان تەواو بووەو بڕیارەکانی پەرلەمانی عێراق و دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی لە باشترین بەڵگەکانی بە جینۆسایدناساندنی ئەم کەیسەن لەسەر ئاستی ناوخۆ . کە ئەوانیش: پەرلەمانی عێراق لە ساڵی ٢٠١١، دادگای باڵای تاوانکاری عیراق لە ساڵی ٢٠١٠، ئەم کەیسەیان بە جینۆساید ناساندووە. ( احمد، ٢٠١٤، ل٢٧ ).

**لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی:** بەفەرمی ناسینی ئەو تاوانە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی گەشتنە بە قۆناغی کۆتایی یاسایی لەسەر ئەو تاوانە، کە پێویستە ئەو مەرجانە بێتەدی کە دەبێت هەبێت لەوەی کە ئەوتاوانە، وەك تاوانێکی نێو دەوڵەتی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بۆ ئەمەش کاری دەوڵەت و ڕێکخراو و دادگا نێودەوڵەتییەکانە کە دەبێت ئەو تاوانە بە پێی ڕێکەوتنامەی ١٩٤٨ بە تاوانی جینۆساید بناسێنن، لەبەر ئەوە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ پەیماننامەی بەربەندکردنی تاوانی جینۆساید و سزادانی تاوانکارانی و بنەماکانی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی .

بەپێی بنەماکانی دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی سەبارەت بە دەوڵەت دەبێت ئەو تاوانە، لەسەر جوگرافیای ئەو ڕوویدابێت، یان دەبێت کەسی تاوانبار ڕەگەزنامەی یەکێك لەو دەوڵەتانەی هەبێت، کە ئەندامن لە دادگای باڵای

تاوانکاری نێودەوڵەتی وە تاوانبارەکە رەگەزنامەی یەکێك لەو دەوڵەتانەی هەبێت کە دەیەوێت تاوانی جینۆسایدەکە بەفەرمی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بناسێنێت. (بنەڕەتنامەی ڕۆمای دادگای تاوانی نێودولەتی ١٩٨٨ ). ئەم تاوانە یان تاوانە نێو دەوڵەتییەکان کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییەکان هەیە، بەتایبەتی ئاسایش و ئاشتی نێو دەوڵەتی لەبەر ئەوە هیچ دەوڵەتێك مافی لێخۆش بوون لەم تاوانەی نییە و لەهەمان کاتدا کەسانی تاوانباریش مافی پەنابەرێتییان پێنادرێت، لە هیچ دەوڵەتێکدا تا سزای خۆیان وەرنەگرن، لێرەدا پێویستە ئاماژە بەبەندی سێ یەمی پەیماننامەی بەربەندکردنی تاوانی جینۆساید و سزاخستنە سەر تاوانکارانی بکەین، کە نەك تەنها کەسی تاوانباری سەرەکی لە ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید سزادەدرێت، بەڵکو هەر یەکێك لەوانەی کە فەرمانیان کردووە بە ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید ، هاندانی ڕاستەوخۆ و ئاشکرا بە مەبەستی ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید، هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید و هاوبەشیکردن لە ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییە یاساییەی کە سزای تاوانکارانی تاوانی جینۆساید تەنها لەسەر خاکی ئەو دەوڵەتانەوە ناوەستێت کە تاوانەکەی تیا ئەنجامدراوە یان تاوانەکە ئەنجامدەدات، بەڵکو بەرپرسیاریەتی یاسایی دەکەوێتە سەر هەموو ئەو کەس و دەوڵەت و ڕێکخراو و کۆمپانیایانەی کە بەهەرجۆرێك لەو جۆرانەی کە باسمانکرد و بەشداربوون لە ئەنجامدانی تاوانەکەدا، لە بەرپرسیاریەتی تاوانەکە دەربازیان نابێت، هەرچەندە کاتی ڕوودانی تاوانەکەش زۆری بەسەردا تێپەڕبێت. ( ئاڤانیسیان، ٢٠١٠، ل٢٧ ). ئەمەش دەکرێت لەلایەن هەریەکێك لەو دەوڵەتانەشەوە ئەنجامبدرێت، کە تاوانبارەکە ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتەی هەڵگرتبێت، یان کۆمپانیاو کارگەکان سەر بەو وڵاتەبن، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە تاوانە نێودەوڵەتییەکان سنووریان بۆ نییە و ئاشتی و ئاسایشی مرۆڤایەتی و جیهان دەشێوێنن، هەربۆیە کاتێك باس لە کەیسی بە جینۆساید ناساندنی هەڵەبجە دەکەین، دەبێت لە هەموو ئەو ڕەهەندە جیاوازانەوە سەیری بابەتەکە بکەین و لە ئاست گەورەیی تاوانەکەو لێکەوتەکانیدا، بیربکەینەوە بۆ کارکردن لەسەری و هەنگاونان بۆ بەنێودەوڵەتیکردنی. لەبەر ئەوە پێش چوونە ناو ئەو تاوانەی کە بەرامبەر بەم شارە ئەنجامدراوە بە پێویستی دەزانین کە کورتەیەك لە سەر شاری هەڵەبجە بخەینە ڕوو .



***JSH*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**بەشی دووەم: تاوانی کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجە و ڕێکار و بەربەستەکانی بەنێودەوڵەتیکردنی**

**باسی یەکەم: هەڵەبجە و ئەنجامدانی تاوانی جینۆسایدی نێودەوڵەتی بەرانبەری**

**شاری هەڵەبجە:**

شاری هەڵەبجە، وەك نوێترین شار و یەکێك لە قەزا دێرینەکانی باشوری کوردستان، لە ڕووی هەڵکەوتەی جوگرافییەوە دەکەوێتە باشوری ڕۆژهەڵاتی عێراق و هاوکات هاوسنوورە لەگەڵ دەوڵەتی ئێران  بە دووری ١٦ کیلۆمەتر و لەلایەکی تریشەوە "٨٤ " هەشتاو چوار کیلۆمەتر لەپارێزگای سلێمانییەوە دوورە، هەروەك پێش بەپارێزگا بوونی لەرووی ئیدارییەوە سەر بەپارێزگای سلێمانی بووە، تا لە ٢٠١٥/٢/٥ پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە ٢ ی نائاسایی خۆیدا، یاسای بی پارێزگا بوونی دەرکرد و سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش لە ٢٠١٥/٢/١٥  بە بڕیاری ژمارە ٣ یاساکەی پەسەند کرد، لە کاتێکدا بە پێی سەرچاوە مێژووییەکان پێش ٤٠٠٠ چوار هەزار ساڵ لەمەوبەر هەڵەبجە ژیانی تیابووە و شاربووە. ( احمد، ٢٠١٧، ل١٨٣ ).

(( بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٤٦ ژمارەی ماڵەکانی " ٤٧٠ " ماڵ بووە و ژمارەی دانیشتوانەکەی " ٢٣٠٠ " دووهەزارو سێ سەد کەس بووە، لەسەر ژمێری ساڵی ١٩٧٧ ژمارەی دانیشتوانەکەی بۆ " ٩١٩٣٧ " هەزار کەس بەرز بۆتەوە بەسەرجەم شارۆچکەو گوندەکانی دەوروبەریەوە کە جگە لە شارۆچکەکانی سەر بەقەزاکە، " ٢١٦ " گوندی لەسەر بووە . لەسەر ژمێری ساڵی ١٩٨٧ بەساڵێك پێش جینۆسایدکردنی شارەکە و دەوروبەری بەشارۆچکەو گوندەکانەوە گەشتۆتە " ١١٥٥٤٠ " سەدو پانزە هەزارو پێنج سەدو چل کەس . لە ساڵی ١٩٨٨ پێش کۆمەڵکوژی و کیمیا بارانکردنی شارەکە لەو ژمارەیەی سەرەوە تەنها "٧٠٠٠٠ " حەفتا هەزار کەس لەناو ناوەندی قەزاکە نیشتە جێبوون، واتە "٤٥٥٤٠ " چل و پێنج هەزار و پێنج سەد و چل کەس لەو ژمارەیە لە شارۆچکەکانی خورماڵ و سیروان و تەواوی گوندەکانی دەوروبەری نیشتە جێبوون . دوای راپەرینی ساڵی ١٩٩١ دانیشتوانی شاری هەڵەبجە دابەزی بۆ " ٤٣٠٠ " چوار هەزار و سێ سەد کەس، ئەمەش لە ئاکامی روخاندن و راگوێزانی گوندەکان و شارۆچکەکانی دەوروبەری و کیمیایی بارانکردنی )) ( تەها سلێمان، ٢٠١٥، ل٥ ). ئەم شارە ( ١٧٧٠ ) پێ لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە و  ژمارەی دانیشتووانی شاری هەڵەبجە بەپێی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٢٠ دەگاتە نزیکەی " ١١٥٣٣٣ "  سەدوپانزە هەزارو سێ سەدو سی و سێ کەس ( زەمەن، ٢٠٢١ ).

لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا، تاوانێکی زۆر ترسناك لەسەر زەوی دژی گروپێکی مرڤایەتی ئەنجامدرا، ئەویش تاوانی بۆمبارانکردنی شاری هەڵەبجە بوو بە چەکی کیمیایی و چەکی لەناوبردنی بە کۆمەڵ، ئەم تاوانە  یەکێکە لە و تاوانانەی لە مێژووی تاوانی جینۆسایدی کورددا بە سەر گەلی کورددا هاتووە و مرۆڤایەتی، تا ئەم ساتە بەفەرمی وەك تاوانێکی نێودەوڵەتی نەیناساندووە. تاوانی کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجە، لە ١٦/ ٠٣/ ١٩٨٨ نزیك کاتژمێر ١١:٤٥ خولەکی بەیانی بەشێك لە خەڵکی ئامادەکارییان دەکرد، بۆ خوانی نیوەڕۆ و هەندێکی تریان بە ئاڕاستەی مزگەوت بۆ ئەنجامدانی نوێژی نیوەڕۆ. ( عارف، ٢٠١٤، ل٥٥ ). رژێمی بەعسی دەسەڵاتداری ئەو کاتەی حکومەتی عێراق بە چەکی کیمیایی قەدەغەکراو، شارەکەی کیمیا بارانکردو بووە هۆی شەهیدکردنی هەزاران کەس لە دانیشتووانی شارەکە لە



*JSH* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

هەموو تەمەنە جیاوازەکان لە گەنج و پیرو ژن و منداڵ، لەگەڵ تێکدانی ژینگەی شارەکەو بە ئەنجامگەیاندنی هەموو جۆرەکانی تاوانی جینۆساید لەو شارەدا، بۆ یەکەم جاربوو لەمێژووی مرۆڤایەتیدا حکومەتێك چەکی کۆکوژ و کیمیایی قەدەغەکراوەکان بە پێی رێکەوتنامە نێودەوڵەتییەکان ( سارین، خەردەل، تابون ) لەبەرانبەر گەلەکەی خۆیدا بەکارهێناو لە ئاکامدا بووە هۆی کوشتنی زیاتر لە ( ٥٠٠٠ ) پێنج هەزار هاوڵاتی ئەوشارە ( عقراوی، ٢٠٠٨، ل٩٢ ).

لێرەدا نامانەوێت باس لە سەرجەم ئەو زیانانەی بەر ئەو شارە کەوتووە، لە ئەنجامی ئەو تاوانەدا بخەینە ڕوو بەڵکو بە پێویستی دەزانین کە شیکاری یاسایی تاوانەکەو زیانەکانی و چۆنیەتی بەنێودەوڵەتیکردنی پێکەوە گرێبدەین و ڕێکارەکانی بەنێودەوڵەتیکردنی دیاریبکەین:

لە دوای ساڵی ( ١٩٤٨) ەوە جینۆساید بە پێی یاسا دیاریدەکرێت و دەخرێتە چوارچێوەی یاساوە، کە ئەویش پەیماننامەی ( بەربەند کردنی تاوانی جینۆ ساید و سزا خستنە سەر تاوانکارانییەتی )، کە لەم بارەشدا ئێمە ڕووە یاساییەکانی تاوانی جینۆسایدی هەڵەبجە، بە پێی ئەو پەیماننامەیە شیدەکەینەوە .

لە سەرەتادا ئێمە باسمان لە و جیاکەرەوانە کرد کە پێویستە لە تاوانی جینۆسایدا بوونیان هەبێت، کە ئەوانیش بریتیین لە: تاوانلێکراو، ئەنجامدانی یەکێك لەو کارانەی لە بەندی دووەمی پەیماننامەی ساڵی ( ١٩٤٨ )دا هاتووە، بوونی مەبەستی تاوانی جینۆساید و کەسی تاوانبار ). بەگەرانەوە بۆ ئەو تاوانەی لە شاری هەڵەبجەدا ڕوویداوە دەبینین، کە تاوانلێکراو یەکێکە لە گروپەکانی نەتەوەیی، نەژادی، ڕەگەزی یان ئاینی کە لەبەندی دووەمی ئەو رێکەوتنامەیەدا دیاریکراوە، پاشان ئەو تاوانانەی کە لە هەمان بەندا ئاماژەی پێکراوە بوونیان هەیە و مەبەستی ئەنجامدانی تاوانەکەش ئاشکرایە، کە لە ناوبردنی سەرجەم یان بەشێکی نەتەوەیەك بووە بە گشتی و ئەوەی تاوانەکەشی ئەنجامداوە، حکومەتی بەعسی عێراقی بووە. ( تێرنۆن ، هیومان رایتس، ٢٠١٧ ) . ئەمەش لەسەر ئاستی ناو خۆ پێویستی بە ووردکردنەوەی زیاتر نییە، چونکە پەرلەمانی عێراق بە بریاری ژمارە ٤٤ لە ١٧ / ٣ / ٢٠١١ کیمیایی بارانکردنی شاری هەڵەبجەی بە جینۆساید ناساند. ئەوەی کە لێرەدا گرنگە باسی لێوەبکەین پاش ئەوەی لەسەر ئاستی ناوخۆ ناسێنرا، پێویستە ئەو دادگایە بەردەوام بێت بۆ سزادانی تەواوی تاوانباران و گێڕانەوەی مافی تەواوی هاوڵاتیانی تاوانلێکراو لە هەموو بوارەکانەوە و لە هەمان کاتیشدا هەنگاوەکان بۆ بەنێودەوڵەتیکردنی بەردەوام بێت .

**باسی دووەم: ڕێکارەکانی بەنێودەوڵەتیکردنی تاوانی کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجە**

بەگەڕانەوە بۆ ئەو تاوانانەی کە لە سەر ئاستی جیهاندا لە ناوچە جیاوازەکاندا ڕوویانداوە، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چۆن هەوڵیداوە لەڕێگەی دامەزراوە نێودەوڵەتیەکانیەوە دادبینی تێدا بکات، توێژەر دەگاتە ئەو زانیاریانەی کە زۆرن ئەو رێکارانەی دەتواندرێت بگیرێتە بەر بۆ بەنێودەوڵەتیکردنی تاوانی جینۆسایدی هەڵەبجە، لەدیارترینی ئەو ڕێکارانە دامەزراندنی دادگایەکی تایبەتی نێودەوڵەتییە لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە تایبەت بە کەیسی جینۆسایدی هەڵەبجە، لێرەوە پێویستە ئەو هەنگاو و ڕێکارانە باسبکەین کە پێویستە بۆ دامەزراندنی ئەو دادگایە، ئێمە دوای ئەوەی کە دڵنیا دەبین لەوەی کە دادگای تاوانکاری نێو دەوڵەتی بە پێی بەندی یانزەهەمی ئەم دادگایە، تەنها سەیری ئەو داوایانە دەکات کە ڕوودانی تاوانەکە دەکەوێتە دوای ڕێکەوتی ١ / ٧ / ٢٠٠٢ وە یان ئەو وڵاتەی تاوانەکەی

تیا ڕوویداوە ئەندامی ئەو دادگایە بێت، تاوانبارەکان یان تاوان لێکراوەکان هەڵگری ڕەگەزنامەی یەکێك لەو دەوڵەتانەبن کە ئەندامن لەو دادگایەدا، ئەمەش وادەکات هەموو ئەو تاوانانەی پێش ئەو بەرواره ڕوویانداوە، تاوانبارەکانیان بێسزا بمێننەوە. ( هاوڕێ ئەحمەد، ٢٠٢١، ل٢٣٢ )، ئەم دادگایە بارەگاکەی لە شاری لاهای هۆڵەندایەو ١٢٣ وڵات دانیان بە تایبەتمەندی دادگاکەدا ناوە، بنە ماکانی ئەم دادگایە لە ١٢٨ بەند پێکهاتووە و ١٨ دادوەری هەیە، بە پێی بەندی پێنجەم ئەم دادگایە تەنها چوار تاوان دەبینێت ئەوانیش: تاوانی جینۆساید، تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی، تاوانەکانی جەنگ، تاوانی دوژمنکاری یان دژ بە ئاشتی. ئەم داگایە بێگومان بەهۆی ئەو مەرجانەی دایناوە ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی زۆر بۆتەوە بە هۆی فەرامۆشکردنی ئەو تاوانانەی پێش کاتی دامەزراندنی ئەو دادگایە ڕوویانداوە . بۆیە ئێمە دەڵێین جینۆساید بە پێی ڕێکەوتنامەی ساڵی ( ١٩٤٨ ) واتاکەی بەرتەسکتر کراوەتەوە زیاتر لەوەی کە دانەری ئەو وشەیە ( رافائیل لیمکین ) لە بنەڕەتدا مەبەستی بووە، لە لایەکی ترەوە دانانی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی بە هەمان شێوە نەیتوانیوە مافی ئەو گروپانە بپارێزێت، کە پێش ڕێکەوتی چوونە بواری جێبەجێکردنی ئەو دادگایەوە تاوانی جینۆسایدیان بەرانبەر ئەنجامدراوە، لە هەمان کاتدا بەو پێیەی لە بەندی شەشەمی ئەم ڕێکەوتنامەیەدا هاتووە، کە کەسانی تۆمەتبار، یان ئەنجامدەری هەرکارێك لەو کارانەی لە بەندی سێ یەمی ئەم ڕێکەوتنامەیەدا هاتووە، دەکرێت دادگایی بکرێت لەبەردەم دادگایەکی پسپۆر لەدادگاکانی ئەو دەوڵەتانەی کەتاوانەکەی لە خاکەکەیدا ڕوویداوە، یاخود ڕوودەدات یاخود لە دادگایەکی تاوانکاری نێودەوڵەتی کە تایبەتمەندی هەبێت بەرانبەر هەر لایەنێکی پەیوەندیدار کە دان بەتایبەتمەندی دادگاکەدا بنێت ( بنەڕەتنامەی ڕۆمای دادگای تاوانی نێودوڵەتی ( ١٩٨٨ ) )، کە دەکرێت بڵێین جگە لە ڕەخنە یاساییەکان لەسەر دانانی ئەم مەرجانە کە ناگونجێت دەوڵەتێك خۆی تاوانی جینۆسایدی ئەنجامدابێت و دانبنێت بەسەروەری دادگایەکدا بۆ دادگاییکردنی خۆی . بەڵام دانانی ئەم مەرجانە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دانانی مەرجێکە لەسەر هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە ئەندام نین لە دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی کە ئەگەر نەبنە ئەندامی ئەو دادگایە، ناتوانرێت بە ئاسانی سەیری ئەو تاوانە نێودەوڵەتیانەی بکرێت کە لەسەر خاکەکەی ڕوودەدات، بۆیە لە ڕوانگەی یاساییەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە دامەزراندنی دادگایەکی تایبەتی نێودەوڵەتی باشترین ڕێگای یاساییە، بۆ بەنێودەوڵەتیکردنی ئەم تاوانە . لەبەر ئەوە پێویستە ئەو ڕێکارانە بگرینە بەر کە پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وا لێبکەین بڕیاربدات لەسەر پێکهێنانی ئەو دادگایە، ئەو ڕێکارانەش هەمەلایەن و فراوانن بەم شێوازانەی خوارەوە:

١. زیادکردنی ئەرکی نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو وڵاتانەی کە نووسینگەی نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستانیان هەیە، بۆ گەیاندنی تاوانی کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجە بەو لایەنانەی کە بەرپرسن لە بەفەرمی ناساندنی ئەو تاوانانە، لەسەر ئاستی وڵاتەکانیان و کارکردن لەسەر وەرگرتنەوەی وەڵامی ئەو دەوڵەتانە، بۆ گەیشتن بە هۆکارە یاسایی و هۆکارە نادیارەکان، بەتایبەتی پێنج دەوڵەتە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودوڵەتی کە دەوری سەرەکییان هەیە، لە ئاراستەکردنی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ هەر ئاراستەیەك کە بیانەوێت .

٢. لە ڕێگای سەفارەتەکانی حکومەتی عیراقەوە کاربکرێت بۆ بەجینۆساید ناساندنی ئەم کەیسە، بەتایبەتی کە لەناوخۆی عیراقدا، پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران ئەو کەیسەی بەجینۆساید ناساندووە، لەگەڵ ئەمانەشدا کاربکرێت



***JSH*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

لەسەر ئەوەی لە هەر وڵاتێکدا سەفارەتی عێراقی هەبێت لەو وڵاتەشدا نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێتەوە، بەڵام بەمەرجی ئەوەی بەشی سەرەکی کاری ئەم نوێنەرایەتییانە بریتی بێت لە گەیاندنی ئازارو جینۆسایدەکانی گەلی کورد بە لایەنە فەرمییەکانی ئەو وڵاتانە کە بەرپرسیارن لە دانپێدانانی ئەو تاوانانە لەسەر ئاستی وڵاتەکانیان ( باسیرە، ٢٠١٤، ل١٦ ).

٣. لە ناوخۆی هەرێمی کوردستانیش بە هۆی ئەو نوێنەرایەتیانەی وڵاتان کە ئێستا لە هەولێری پایتەختن، بەردەوام کاری ئەوە بکرێت کە ببرێنە شوێنی ڕووداوەکان و لەم پێناوەشدا فراوانکردنی یادگەی شەهیدانی هەڵەبجە و بەرەو پێشبردنی لەهەمووڕوانگەیەکی زانستییەوە و کردنەوەی سەنتەری توێژینەوەی تایبەت بەو تاوانانە، تا لەو ڕێگایانەوە بتواندرێت بەفەرمی داوایان لێبکرێت کە داوا لە دەوڵەتەکانیان بکەن دان بەتاوانی جینۆسایدی هەڵەبجەدا، بنێن و لەسەر ئاستی پەرلەمان حکومەتەکانیان بە فەرمی وەك تاوانی جینۆساید دانیپیدابنێن، کە ئەمانەش ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر وڵاتانی تر دەبێت و هەنگاوەکانی بەنێودەوڵەتیکردن باشتر شوێنی خۆی دەگرێت.

٤. لەتەواوی ئەو پرسانەی کە لە نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بوونی هەیە، پرسی بەنێودەوڵەتیکردنی تاوانی جینۆسایدی هەڵەبجە، پێویستە بابەتیکی سەرەکی بێت و وەك مافێکی نەتەوەیی کاری لەگەڵدا بکرێت و دروستکردنی فشارەکان بە بەردەوامی لەسەر بەغداد لە هەموو بارودۆخەکاندا، بۆ ئەوەی داوای پێکهێنانی دادگایەکی تایبەتی نێودەوڵەتی بکات لە نەتەوە یەکگرتووەکان، یان هەر ڕێکارێکی تری نێودەوڵەتی لەو پێناوەدا، چونکە دەروازەی پەیوەندی تاوانەکانی ناو خاکی عێرا ق و وڵاتان و ڕێکخراوە نێودەوڵتییەکان دەوڵەتی عێراقە، وەرگرتنەوەی وەڵام بۆ پێکنەهێنانی هۆکارەکانی پێکنەهێنانی ئەو دادگایە و ڕێکارە یاساییە نێودەوڵەتیەکانی تر، تا کار لەسەر لایەنە کەم و کورتییەکانی بکرێت و لەڕووی یاساییەوە جارێکی تر هەنگاوەکان بگیرێتەبەر.

٥. لە بەرچاو گرتن و بەکارهێنانەوەی سەرجەم ئەو بڕیارە دادگاییانەی چی لەسەر ئاستی ناوخۆیی چی لەسەر ئاستی وڵاتانی تر سەبارەت بەجینۆسایدی هەڵەبجە دەرچوبێت، وەك: بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لەسەر کەیسی بەجینۆساید ناساندنی هەڵەبجە، ساڵی ( ٢٠١٠ ) پێشتریش بڕیاری دادگای هۆڵەندا لە ٢٠٠٥/١٢/٢٥ دژی ( فرانس ڤان ئانرانت )، بە نزیکەی حەڤدە ساڵ زیندانی ( تریاڵ ئینتەرناشناڵ، ٢٠١٧ ) کە لەکاری بازرگانیدا مادەی کیمیایی لە بازاڕەکانی جیهاندا کڕیووە و بە حکومەتی عێراقی دەفرۆشت و لەدوای لێکۆڵینەوەی دادگا لەسەر تاوانەکە، دادگا بڕیاریدا کە تاوانی کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجە تاوانی جینۆساید پێکدەهێنێت، بەڵام سزای فرانس فان ئانرانت لەسەر تاوانی هاوبەشیکردن بوو لەتاوانی جەنگدا. ( ویکیپیدیا، ٢٠٢٤ ).

٦. ئەگەرچی وەك کورد لە ڕووی هەڵکەوتەی جوگرافی و نەتەوەوە لەگەڵ زۆرێك لە نەتەوەکانی جیهان جیاوازیمان هەیە و لەهەمان کاتدا خراپی پەیوەندی ئەو دەوڵەتانەی کوردیان بەسەردا دابەشکراوە، لەگەڵ نەتەوەی کوردا بارودۆخیکی تەواو جیاوازی بۆ کورد درووستکردووە لە سەر ئاستی ناو خۆ و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، بە جۆرێك لەسەر ئاستی ناوخۆ نەتەوەی کوردی بە جۆرێك پەرتەوازە کردووە، کە ناتواندرێت لە سەر ئاستی گشتی نەتەوەی کورد

بە گشتی یەك بیرکرندنەوەی یاسایی و یەك وتاری نەتەوەیی بەرانبەر ئەو تاوانە هەبێت و ئاراستەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکرێت، بەشێوەیەك ئەم کاریگەرییە لێکەوتە خراپەکانی بۆ ناو خاکی کوردستان، لەسەر هەرپارچەیەکی دابەشکراو بۆ هەر تاوانێکی نێودەوڵەتییە کە تێیدا ئەنجامدراوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا دروستکردنی پەیوەندیەکی بەهێز لەلایەکەوە لەگەڵ ناوەندەنێودەوڵەتییەکان، بەتایبەتی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، لە ( جنێڤ ) کە بە ئامادەبوونی نوێنەرانی سەرجەم وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆبوونەوەکانی ئەنجام ئەدات و تاوان و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ بابەتی سەرەکی ئەم ئەنجومەنەیە، بۆ ئەم ناوەندەش هیچ نەتەوەیەك بە ئەندازەی کورد و پێشێلکردنی مافەکانی و ئەنجامدانی تاوان بەرانبەری لەگەڵ کارەکانی ئەم ئەنجومەنە یەك ناگرێتەوە، تەنها هەوڵ و ویستی ڕاستەقینەی کارکردنی دەوێت لەو پێناوەدا. ( سالار محمود، ٢٠٢١، ل٦٢ ) لەلایەکی ترەوە لەگەڵ ئەو نەتەوانەی کە تاوانی جینۆسایدیان بەرانبەر کراوەو، پاشان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بە فەرمی بە جینۆساید ناسێندراوە، کارێکی زۆر پیویستە و لەچەندین لایەنی جیاوازەوە هەنگاوەکانی بەنێودەوڵەتیکردنی ئەم تاوانە بەرەوپێش دەبات و پەیوەندییە نەتەوەیی و نێودەوڵەتییەکان لە بوارەکانی تریشدا بۆ کورد بەهێزدەکات وە پاشان ئێمەش ئەتوانین سود لەو ڕێگایانە ببینین کە ئەوان گرتوویانەتەبەر بۆ بەجینۆساید ناساندنی کەیسەکانیان .

٧. کارکردن لەڕووی زانستییەوە بۆ بە بەناوخۆیی کردنی ئەم پرسە لەسەر ئاستی پەروەردەو لەسەر ئاستی خوێندنی باڵا، تا لەو ڕێگایەوە بتوانیین هۆکارەکانی ئەنجامدانی ئەم تاوانە، بەرانبەر بە شاری هەڵەبجە و نەتەوەی کورد بزاندرێت، تاکی کورد هۆشیاربکرێتەوە لەڕووداوەکانی ڕابردوو ئێستاو داهاتووی نەتەوەکەی و چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئەو ڕووداوانەدا و توێژەرانی کورد هانبدرێت بۆ ئەوەی نووسینەکانیان لەم بوارەدا پەرەپێبدەن و لەڕێگەی توێژینەوەی زانستییەوە لایەنە یاسایی و نێودەوڵەتیەکانی بخرێتە ڕوو، بۆ ئەوەی لە هەر کاتێکدا بێت، وەك بەڵگەی زانستی لەبەردەستدا بێت لە هەر ساتێکدا بێت نەتەوەی کورد بۆ بەرگریکردن لە دادگادا سوودی لێببینێت. ( باسیرە، ٢٠١٤، ل١٩).

توێژەر وای دەبینێت کە بۆ جێبەجێکردنی هەریەکێك لەم هەنگاوانە دەکرێت سیمینار و کۆرو ۆرکشۆپ لە پایتەختی زۆربەی وڵاتەکان ئەنجامبدرێت و، لەرێگەیەوە لۆبی لە زۆربەی وڵاتاندا دروست بکرێت، بۆ ئەوەی تاوانی بە جینۆساید ناساندنی هەڵەبجە بخەینە قۆناغی بە فەرمی ناسینەوە، چونکە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لە ڕووە سادەکەیەوە ناسێنراوە، بەڵام بەفەرمی ناساندنی کاری یاسایی و زەمینەسازی دەوێت و کاری حکومەت و خەڵك و ئەکادیمیستانی پێکەوە دەوێت، تا ئەوەی بتوانین جگە لە زیانەکانی ئەم تاوانە کاریگەرییەکانی ئەم تاوانە بگەیەنینە ویژدانیان و لەگەڵماندا بجولێن بۆ هاندانی وڵاتەکانیان، تا ئەوانیش فشار لەسەر نەتەوەیەکگرتووەکان دروسبکەن و بریاری دروستکردنی دادگایەکی نێودەوڵتی بۆ بە جینۆ ساید ناساندنی ئەو تاوانە بدەن، یان کاربکەن لە سەر ئەوەی کە ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق بە نێودەوڵەتی وەربگرێت .



***JSH*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**باسی سێ یەم: بەربەستەکانی بەردەم بە جینۆساید ناساندنی تاوانی کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجە**

بۆ هەنگاونان لە بەنێودەوڵەتیکردنی هەر تاوانێك زۆرن ئەو بەربەستانەی، ڕووبەڕووی ئەو هەنگاوانە دەبنەوە کە دەنرێت لەو پێناوەدا، هەندێکیان لە دەرەوەی ویستی ئەو نەتەوەیەوەیە و هەندێکیان پەیوەندیدارن بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە چۆنیەتی کارکردنی ئەو نەتەوەیەوە لەگەڵ ئەو پرسەدا کە ئەوانەش پەیوەندیدارن، بەو ڕێکارانەی کە لە پێشتردا ڕوونکرایەوە کە پێوویستە بگیرێتەبەر و کاری ڕاستەوخۆی ئەو نەتەوەیە، کە تاوانەکەی بەرانبەر ئەنجامدراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا ئەو بەربەستانە دەکرێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی درووست بن و پەیوەندی بەدەوڵەتان و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکانەوە هەبێت، بەشێکی تری بەربەستەکان لەسەر ئاستی ناوخۆ و پەیوەندییە سیاسی و ئابوریەکان و لێکەوتەکانییەوە هەبێت، لەبەر ئەوە هەوڵ دەدەین لەم لایەنانەی خوارەوە بەربەستەکان ئاماژە پیبکەین:

١. بەگەرانەوە بۆ بنەماکانی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی و ڕێکەوتننامەی ڕێگەگرتن لەتاوانی جیینۆساید شوێنی ڕوودانی تاوان و کاتی ڕوودانی تاوانەکە زۆر گرنگن، بۆ بڕیاردان لە سەر بەنێودەوڵەتیکردنی تاوانەکە. (بنەڕەتنامەی ڕۆمای دادگای تاوانی نێودولەتی ١٩٨٨، م١٣ب٣ ) کە لێرەدا تاوانی جینۆسایدی هەڵەبجە، وەك شوێن دەکەوێتە ناو خاکی عێراقەوە و دەتواندرێت بووترێت لە نێوان دوو دەوڵەت عێراق و ئێراندایە، کە هەریەکێك لەم دەوڵەتانە بەبەراورد بەکورد لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی دەسەڵاتیان و بەرژەوەندییەکانیان زۆر فراوان ترە و، کەیسی جینۆسایدی هەڵەبجە لەیاساییەوە بە سیاسی دەکەن و، تا ئەو کاتەی هەر بڕیارێك لە سەر بە جینۆساید ناساندنی دەرچێت و لە بەرژەوەندی ئەواندا نەبێت هەموو بەربەستێك دروست دەکەن، لە بەردەم بە جینۆساید ناساندنیدا، لەلایەکی ترەوە ئەم تاوانە لە کاتێکدا ڕوویداوە کە جەنگی نێوان دوو وڵات بووە. ( باسیرە، ٢٠١٤، ل٢٤ )، توێژەر وایدەبینێت کە هەر بۆچوونێکی پێچەوانە بۆ بە نێودەوڵەتیکرنی ئەم تاوانە کاریگەری خۆی دەبێت لە سەر بەنێودەوڵەتیکردن و لێکەوتەی خراپی لەسەر پرسەکە دەبێت، کە لەم نێوەندەدا ژمارەیەك یاساناسی بیانی و ناوخۆییش هەیە، پێیان وایە ئەم تاوانە بەهۆی ئەوەی لەکاتی جەنگ دا ڕوویداوە دەکرێت، وەك تاوانەکانی تری نێو دەوڵەتی دانی پێدابنرێت، بەڵام ناکرێت وەك تاوانی جینۆساید بناسێنرێت، چونکە لەم تاوانەدا مەبەستی تاوانی جینۆسایدی تیا دەرناکەوێت کە یەکێکە لە ڕوکنە بنچینەییەکانی تاوانی جینۆساید. ئەمەش بە بۆچوونی توێژەر دوورە لە هەڵسەنگاندنێکی دروستی یاسایی بۆ ئەم تاوانە و بە پێچەوانەوە لە ڕوانگەی بیری تەسکی نەتەوە پەرستی و تێنەگەشتنی زانستیانەو یاساییانە لە پرسە نێودەوڵەتیەکان ئەو بڕیارە دەدەن.

٢. ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکان کە سەرچاوەیەکی دیاری یاسای نێودەوڵەتین، هۆکارێکی بنچینەیی پەیوەندی نێوان وولاتانن لە بنەڕەتدا، بۆ خۆیان بوونەتە بەربەستێکی نێودەوڵەتی لە بەردەم تاوانی کیمیابارنکردنی هەڵەبجەدا، وەك تاوانێکی نێودەوڵەتی ئەویش بەگەڕانەوە بۆ پەیماننامەی ڕێگەگرتن لە تاوانی جینۆساید و سزادانی ئەنجامدەرانی ساڵی (١٩٤٨ ) و بناماکانی ڕۆما بۆ دادگای تاوانی نێودەوڵەتی. دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەربەستە گەورەکان بەدیار دەکەون بەوەی کە ئەم ڕێکەوتنامە نێودەوڵەتیانە سەرچاوەیەکی دیاری یاسای نێودەوڵەتین و ئەمەش وادەکات هێزێکی زۆریان هەبێت، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ژمارەیەکی زۆری وولاتان پابەندبوونی خۆیان بەم ڕێکەوتنامانەوە دەربڕیوە، لەبەر ئەوە لەکاتی پێویست بوون بۆ هەر گۆڕانکارییەك لەبڕگەیەك لە بڕگەکانی ئەو ڕێکەوتنامانەدا، کە پیچەوانە بێت لەگەڵ خواستەکانی ئەو دەوڵەتانەی کە لە بەرژەوەندیاندا، نییە کارکردن بۆ گۆڕانکاری ئەو ڕێکەوتنامانە توانایەکی نێودەوڵەتی زۆری دەوێت، بە جۆرێك کە زۆر ئەستەمە لە توانای تەنها یەك

ووڵاتدا بێت بە تایبەتی ئەگەر نەتەوەیەك خاوەن کەسایەتی نێودەوڵەتی خۆی نەبێت، یان نەتەوەی بێ دەوڵەتبن ئەوا بۆ ئەوانە ئەم ڕێکەوتنامانە دەبنە بەربەستێکی گەورەو بەرژەوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتیەکان شوێنی ڕاستەقینەی ئەم ڕێکەوتنامانە ئەگرنەوە.(بنەڕەتنامەی ڕۆمای دادگای تاوانی نێودەوڵەتی١٩٤٨، مادەکانی ١١و١٣ ) ، ئەگەر چی دڕەندەیی ئەو تاوانەی حکومەتی عێراق هەر لەنیوەڕۆی ئەو ڕۆژەدا بە دیارکەوت، بەڵام زۆرن ئەو وڵاتانەی مەبەستیان نییە دانبنێن بە تاوانی جینۆسایدی هەڵەبجەدا پێیان وایە، کە ئەو بەڵگانەی لەبەردەستدان وەك پێویست نییە بۆ سەلماندنی تاوانێك بەتاوانی جینۆساید و لەگەورەیی و کاریگەری تاوانەکە کەم دەکەنەوە و بەرژەوەندییە سیاسییەکانیان جارێکی تر دەخەنەوە پێش دادپەروەری و دادبینی نێودەوڵەتییەوە، کە ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ نەبوونی توێژینەوەی پێویست لەم بوارەدا بە زمانە جیاجیاکان کە پێچەوانەی ئەم جۆرە بۆچوونانە بسەلمینێت و بگاتە ناوەندەئەکادیمیە بەناوبانگەکانی جیهان، ئەمەش بەهۆی پاڵپشت نەکردن و هاننەدانی توێژەران لەم بوارەدا، کە یەکێکە لەباشترین ڕێگەکان بۆ ئەوەی هەموو ناوەندە ئەکادیمییەکانی وڵاتان لەم تاوانە نێودەوڵەتییە وەك تاوانی جینۆساید تێبگەن. ( کرۆن تایم، ٢٠١٧)

٣. بەو پێیەی کە تاوانی جینۆساید هۆکارێکی گرنگە، بۆ بڕیاردان لەسەر مافی چارەی خۆنووسین بۆ هەر گەلێك کە ئەو تاوانەی بەرانبەر کراوە، دەوڵەتان سەرباری بانگەشەیان بۆ مافی مرۆڤ و دیموکراسی تا ئێستا لە هیچ ڕوویەکی یاساییەوە، وەك پێویست بەرەو ئەم کەیسی جینۆسایدی هەڵەبجە نەهاتوون، بە جۆرێك ئەم تاوانانە وەك ویرد و نزای بێنەوایان بەردەوام لەسەر زاری کوردن، بەڵام لەدەرەوەی کوردستان شتێکی کەمیان لەبارەوە دەزاندرێت، ئەمەش بەو ڕابردووە مێژووییە پڕ کارەساتی نەتەوەیی و نیشتیمانی و خیانەتی چەند بارەبوو بەرانبەر بەکورد کە لەئەنجامدا نەتواندرا، دەوڵەتێك بۆ کورد دروست بێت و بووە ئامرازێك بەدەستی زیاد لە گەمەکەرێکی بەهێزی نێودەوڵەتییەوە بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەسەر بەرژەوەندی کورد. ( هیڵتەرمان، ٢٠٢١، ل٥٨٢ )، ئەمەش بەربەستێکی ترە کە زۆرێك لە وڵاتە زلهێزەکان بە تایبەتی دەوڵەتانی ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندییە باڵا سیاسییە نێودەوڵەتییەکانی خۆیاندا، لەلایەك و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کە نەتەوەی کوردیشیان بەسەردا دابەشکراوە لەلایەکی ترەوە، چونکە ئەو بەرژەوەندییانەی وڵاتانی باڵادەست لە جیهاندا هەیانە لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کوردیان بەسەردا دابەشکراوە زۆر زیاترە، بە بەراورد بەو بەرژەوەندییانەی لەگەڵ کورد بەدەستی دەهێنن ئەوەش وایکردووە، کە نەیانەوێت ئەو دەرفەتە گەورەیە بۆ کورد برەخسێنن و بڕیاری مافی سەربەخۆیی لە ڕێگەی بە جینۆساید ناساندنی ئەو کەیسەوە بۆ کورد دەستەبەر بکەن .

٤. لە دیدی توێژەرەوە کێشە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان و نەبوونی هەستی نەتەوایەتی پێویست لەبەرانبەر ئەو تاوانەدا، کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر پەراوێز خستن و نە چوونە پێشەوەی تاوانی کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجە وەك پێویست، سەرەتا لەسەر ئاستی ناوخۆ، پاشان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کە ئەم بابەتانەش دەبنە کێشەی ڕاستەقینەی نەتەوەیی لە ئیستاو ئایندەی گەلی کورد بۆ پەراوێزخستنی ئەم تاوانە و تەواوی ئەو تاوانانەی لەڕابردوودا بەرانبەر بەگەلی کورد ئەنجامدراوە و لێکەوتە یاساییەکانی بۆ نەتەوەی جینۆسایدکراو، بە تەواوی فەرامۆش دەکرێت. کارکردن لەم پێناوەشدا ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەدەسەڵات و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، کە بەرپرسیارە لە بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی ڕۆڵەکانی لەبەرانبەر ئەو تاوانە گەورەیەدا چی لە سەر ئاستی ناوخۆ و چی لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی.



*JSH* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**دەرئەنجام**

١. لەگەڵ هەبوونی ڕێکاری یاسایی پێویست و گرتنەبەری بۆ بە نێودەوڵەتیکردنی تاوانی کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجە، لە هەمەمان کاتدا بەربەستی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی بۆ بە جینۆساید ناساندنی تاوانەکە بوونییان هەیە، کە پێویستی بە هەوڵی گشتی نەتەوەیی و نیشتیمانییە بۆ تەواو کردنی ڕێکارەکان و نەهێشتنی ئەو بەربەستانە، کە هەندێکییان لە توانای کوردا هەیە و هەندێکیان لەدەرەوەی ویستی کورد بوونیان هەیە، بە جۆرێك کاریگەریان لە سەر کورد درووستکردووە، تا ڕادەی پارچە پارچەبوونی کورد لە ڕووی خاك و لە ڕووی یەك گوتاری نەتەوەیشەوە، سەرەنجام بۆتە هۆی مانەوەی کێشەکان تەنها لە سەر ئاستی ناوخۆ و تا ڕادەیەکی کەم لە سەر ئاستی هەندێك لایەنی پەیوەندیداری نێودەوڵەتی.

٢. جینۆسایدی هەڵەبجە پێمان دەڵێت کە ژیانی گەلی کورد لە دۆخێکی مەترسیداردایە و پێویستی بە پارێزگاریکردنە، لەخۆی ئەمەش لەو کاتەوەی تاوانەکە ئەنجامدراوە و تا ئێستاش لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کارێکی یاسایی پێویست دەستەبەر نەبووە بۆ بەجینۆساید ناساندنی ئەم کەیسە، ئەمەش باشترین کارتی فشارە بەدەست نەتەوەی کوردەوە بۆ بەکارهێنانی لەبەرانبەر حکومەتی عێراق و یاسای نێودەوڵەتی و داکۆکیکردن لەسەرجەم مافەکانی گەلی کورد.

٣. لە ئەنجامدانی تاوانی کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجەدا لە ڕووی شوێن و لە ڕووی کاتەوە بۆ کورد گونجاو نەبووە تا بتوانێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئاگاداربکاتەوە و وەك تاوانی جینۆساید بیناسێنێت، لەبەر ئەوە پێوویستە هەوڵی حکومەت و پەرلەمان و هەموو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان بە ڕاگەیاندنەکانیشەوە بە تەواوەتی یەکبخرێت، بۆ ئەوەی ئەم کەیسە بەردەوام لەنەتەوە یەکگرتووەکان لەبەر چاوبێت و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لێ بەرپرسیاربکرێت تا بەئەرکی یاسایی نێودەوڵەتی خۆیان لەبەرامبەر ئەم تاوانە هەستن. بۆ دووبارە نەبوونەوەی ئەم تاوانە بەرامبەر بەگەلی کورد و بەرامبەر بەهیچ یەکێك لەو گروپانەی کە لەرێکەتنامە نێودەوڵەتیەکەدا دیاریکراوە لە هیچ شوێنێکی سەر زەوی دا، کە ئەمەش یەکێکە لە ئامانجە سەرەکیەکانی سزادانی تاوانباران .

٤. ئەو تاوانەی لە بەرانبەر هەڵەبجەدا کراوە نەك تەنها بۆ لەناوبردنی بەدەنی مرۆڤایەتی ئەنجامدراوە بەڵکو جۆرەکانی تری جینۆسایدیش لەم شارەدا جیبەجێ بووە وەك جینۆسایدی بایۆلۆژی و ئابوری و کلتوری و وێرانکردنی ژینگەی ناوچەکە و چەندین لێکەوتەی جۆراوجۆر کە لەبنەرەتدا مەترسیەکانی تاوانی جینۆساید ئەمانەن کە لەهەر شوێنێك رووبدات زیانێکی قەرەبوونەبۆوە دروستدەکات هەموو ئەمانەش لە کەیسی تاوانی هەڵەبجەدا بوونیان هەیە
.

٥. بەدرێژایی مێژوی مرۆڤایەتی نەبینراوە حکومەتێك چەکی کیمیایی و کۆکوژ لە بەرامبەر گەلەکەی خۆیدا بەکار بهێنێت لە ژێر هیچ پاساوێکدا کە ئەمەش مەبەستی لە ناوبردنی بەشێکی نەتەوەیەکی بندەست و داگیرکراو بەروونی دەخاتە بەرچاو، بە پێی بەندی دووەمی ڕێکەوتنامەی بەربەندکردنی تاوانی جینۆساید و سزا خستنە سەر تاوانکارانی

تاوانی جینۆساید، دەبێت ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە پشت بەستن بەو رێکەوتنامەیەی کە لە ساڵی ١٩٤٨ دا ئەنجامدراوە دوور لە بەرژەوەندیە سیاسیەکانی وڵاتەکانیان پێویستە ئەم تاوانە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بە فەرمی بناسێنن، ئەگەرنا دوور لەرێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ناتوانرێت ئەم تاوانە وەك تاوانی جینۆساید بناسێندرێت .

٦. متمانە نەکردنی دەوڵەتان بە پەیماننامەی بەربەندکردنی تاوانی جینۆساید و سزاخستنە سەر تاوانکارانی و نە خستنە بواری جێبەجێکردنەوە وەکو پێویست، بووە هۆی ئەوەی وڵاتان بەتایبەتی زلهێزەکان نەتوانن رێبگرن لە ئەنجامدانی تاوانەکانی جینۆساید لە ئایندەدا، لەوانەش: تاوانی جینۆسایدی هەڵەبجە کە خەمساردی وڵاتە دەسترۆشتووەکانە لەبەرانبەر ئەو تاوانانەدا، کە بێدەنگ دەبن وا دەکات هەمان تاوان بەشێوازیکی تر لە شوێنیکی تر ئەنجامبدرێتەوە .

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: توێژینەوەکان

١- دکتۆر مارف عمر گوڵ، جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا، بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە ٩٤٢ ،چاپی پێنجەم، هەولێر ( ٢٠١٠ ).

٢ - سمير مصطفى عقراوی، الاباده الجماعيه للشعب الكوردی، المؤتمر الدولی حول الاباده الجماعية چد الشعب الكوردی، اربيل ٢٦ – ٢٨ كانون الثانی ٢٠٠٨.

٣ - سالار باسیرە، جینۆساید لە یاساکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بە نێودەوڵەتیکردنی ( کورد وەك نموونە )، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان ( ٢٠١٤ )، چاپخانەی پیرەمێرد، چاپی یەکەم .

٤- ئاڤانێسیان ڤ. ڤ. ، جینۆساید : لێکۆڵینەوەیەکی تاوانناسی، نامەی دکتۆرا ٢٠١٠.

(Аванесян В. В. Геноцид: криминологическое исследование. Автореф. дис. … канд. юрид. наук. М., 2010. URL: http://www.dissercat.com/content/ genotsid-kriminologi cheskoe-issledovanie# ixzz33 eO7ALeP).

٥- ڤەرتانیان ڤ. م. ، بەرپرسیاریەتی تاوان لەبەر جینۆسایدد، نامەی دکتۆرا، ٢٠٠٠.

Вартанян В. М. Уголовная ответственность за геноцид. Автореф. дис. … канд. юрид. наук. Ставрополь, 2000. URL: http://www.dslib.net/ kriminal-pravo/ugolovnaja-otvetstvennost-za-genocid.html ) .

٦- مەسکەلیف گیۆرگی لیۆنیدۆڤیچ، جینۆساید لە مادەی ٣٥٧ی یاسای تاوانی ڕووسیای فیدراڵ: کێشەکانی ڕێکخستن و پۆڵێنکردن لە یاسای تاواندا، نامەی دکتۆرا، ٢٠١٥ کراسنایارسک.

٧- د. هونەر امین حسن، تاوانی جینۆساید لە عێراقدا کێشەکانی بەرپرسیاریەتی تاوانکاری، سەنتەری توێژینەوەی زانکۆی چەرموو بۆ تاوانەکانی ئەنفال و جینۆساید، چاپی یەکەم ( ٢٠٢٣ ).

**دووەم: کتێبەکان**

١- بکر حمە صدیق عارف، حلبجە فی مواجهە سموم الموت، قرأ ة حقوقیة فی واقع الحدث و اوراق المحکمة الجنائیة العراقیة العلیا، الطبعة الاولی لسنە ٢٠١٤.

٢- ئاوارەحسێن، تاوانی جیینۆساید لە یاسای نێودەوڵەتیدا، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری جمال عیرفان ( ٢٠١٤).

٣- هاوڕێ ئەحمەد، تاوانی جینۆساید لە یاسا و دادگا نێودەوڵەتییەکاندا، ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتی، چاپی یەکەم٢٠٢١.

٤- سالار محمود، ڕۆڵی پەرلەمان لە پرسە نیشتیمانییەکاندا( ناساندنی جینۆساید و دۆزی پارچەکانی کوردستان ) لێکۆڵینەوە و وتار، چاپی یەکەم ( ٢٠٢١ ) چاپخانەی کارۆ_سلێمانی.

٥- یوست هیڵتەرمان، کارێکی ژەهراوی ئەمەریکاو عێراق و گازبارانی هەڵەبجە، لە ئینگلیزیەوە: محمد حمە ساڵح تۆفیق، چاپی دووەم ( ٢٠٢١ ) چاپخانەی سەردەم.

٦- تەها سلێمان، دۆسیەی هەڵەبجە لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە ، چاپی یەکەم ( ٢٠١٥ ).

٧- ئاوارە حسێن، جیینۆسایدی کورد لە ڕوانگەی یاسای تاوانکاری نێودوڵەتییەوە، چاپی یەکەم ( ٢٠١٧ ) چاپخانەی حەمدی.

**سێ یەم: ڕێکەوتننامە و پەیماننامە نێوددەوڵەتییەکان**

١- بنەڕەتنامەی ڕۆمای دادگای تاوانی نێودەوڵەتی ( ١٩٨٨ ).

٢- پەیماننامەی ڕێگەگرتن لە تاانی جینۆساید و سزادانی ئەنجامدەرانی ساڵی ( ١٩٤٨ ) .

**چوارەم: پەیجە ئەلکترۆنیەکان**

١ - ئیڤ تیرنۆن، پەیمانگای مافەکانی مرۆڤ

Ив Тернон. Размышления о геноциде. URL: http://www.hrights.ru (27.7.2024)

٢ - عبدالرحمان علی ڕەزا، سایتی زەمەن، ( ٢٠٢١ ).

(٢٠٢٤.٤.١) دانیشتوانی هەرێم، پێشبینی و ئاماری سەیروجیاواز(zamenpress.com)

٣- تریاڵ ئینتەرناشناڵ ( ٢٠٢٤.٤.٢) https://trialinternational.org/latest-post/frans-van-anraat

٤-ویکیپیدیا

https://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%A7%D9%84%D9%87%D8%AC%D9%88%D9%85_%D8%A7%D9%84%D9%83%D9%8A%D9%85%D9%8A%D8%A7%D8%A6%D9%8A_%D8%B9%D9%84%D9%89_%D8%AD%D9%84%D8%A8%D8%AC%D8%A9 (28/02/2024)

٥- کرۆن تایم (٢٠٢٤.٤.٨ ) http://chrontime.com/event/gazovaya-ataka-v-halabdje?near=89

**الخلاصة**

لقد ارتكبت الجرائم المتنوعة من قبل الدول ضد بعضها البعض فى المراحل التاريخية المختلفة والبعض منها لاسباب خطورة الجرائم تم الاعتراف بها كجرائم دولية وقامت المحاكم الدولية بمسؤولياتها وتمت المحاكمة القانونية للمجرمين واتخذ القرار ضدهم مع اعاده حقوق للمضحيين، ولكن فى هذا الوضع يوجد الكثير من الامم التى تعرضت لنوع من الجرائم وتضررت الى درجة قريبة من الانقراض او التدمير، ومن المؤسف جدا ان المجتمع الدولى بكافة السلطات القضائية والامنية ليس لديه اى موقف واي رد عملى، ومن بين هذه الشعوب يعتبر الكورد مثالا بارزا بين الامم المضحية التى ارتكبت ضدها العديد من الجرائم الدولية المحظورة، ولكن لم تؤخذ اي اجراءات قانونية فى اطار مواثيق المحاكم الدولية، ومن ابرز الجرائم التي ارتكبت ضد الكورد جريمة قصف حلبجة بالاسلحة الكيميائية فى سنة ١٩٨٨ فى فترة الحرب بين العراق وايران، لذلك نريد من خلال هذا البحث ان نحلل هذه الجرائم تحليلا علميا . و اشكالية هذه الجريمة عبارة عن كيفية تحديد نوع هذه الجريمة بين الجرائم الدولية، ماهي نوع الجريمة؟ واذا هذه الجريمة تعتبر كجريمة من جرائم الابادة الجماعية ماهي التدابير اللازمة لتدويل هذه الجريمة؟ وما هي المعوقات امام تدويلها وللوصول الى هذه الحقائق يفترض من الباحث ازالة المعوقات و اتخاذ التدابير القانونية اللازمة للاعتراف بهذه الجريمة كجريمة من جرائم الابادة الجماعية ( جينوسايد ).

**Abstract**

Throughout history, nations have committed various crimes against one another, some of which are recognized as international crimes due to their horrific nature. While the international courts have fulfilled their global responsibilities by prosecuting perpetrators and restoring the rights of the victims in certain cases, numerous nations have suffered from similar crimes that qualify as international crimes, leading to extensive damage and even destruction. Unfortunately, the international community, including all its judicial and security forces, has remained inactive in response to these crimes. Among these nations affected, the Kurds stand out as a prominent example of a nation that has been subjected to numerous horrific international crimes, yet no legal action has been taken on their behalf. One of the most egregious crimes committed against the Kurds was the chemical bombing of Halabja in 1988 during Iraq and Iran war. Therefore, this study aims to analyze the classification of the Halabja chemical weapons attack within the framework of international criminal law. The primary research objective is to determine whether this attack constitutes genocide or another category of international crime. Furthermore, if classified as genocide, the study will examine the challenges and obstacles preventing its international recognition as such. The research hypothesis suggests that by identifying and addressing these barriers, and implementing appropriate measures, the Halabja attack can be officially recognized as an international crime of genocide.



***JSH*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

***JSH*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034